عێراق بۆ هەڕاجکردن

سەلام مارف

فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی ئیداری ئەمریکا لە عێراق لەبارەی سەرمایەگوزاری دەرەکی عێراق لەم دواییاندا لەلایەن "پۆل بریمەر"ەوە دەرچووە. کە تیایدا لەشێوەی دەقێکی قانونیدا ئەو بڕیارانەی داڕشتووە کە زەمینەی سەرمایەگوزاری دەرەکی لەعێراق خۆشدەکەن.

لەڕاستیدا ئەم بڕیارانە، کە جەوهەرەکەی ئەوەیە کە لەمەودوا و بەپێی ئەم بڕیارانە سەرجەم سەرمایەی عێراقی کراوە دەبێت بۆ ئەوەی کە سەرمایەدارەکانی دەرەوەی عێراق، یان وردتر بڵێین سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوا دەتوانن چۆن ئارەزوو بکەن بکەونە سەرمایەگوزاری لەعێراقدا. ئامانجی بڕیارەکان ئەوەیە کە ئەو ڕێگرییە یاسایی و سیستماتیکانە لابەرێت کە ڕێگرن لەبەردەم هاتنی ئەو سەرمایەدارانە بۆ عێراق.

پێش ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە بدەینە بەر باس، باشتر وایە هەر لەسەرەتاوە ئەو ڕاستییە بڵێین کە ئەم جۆرە بڕیارانە، کە لەپێشەکییەك و ١٥ بەش پێکدێت، بۆ خۆی لادانێکە لە ئەسڵێکی سەرەکی نێودەوڵەتی، کە بەگوێرەی ئەو ئەسڵە، کە لەمادەی پێنجەمی بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ ڕێککەوتنی جنێف لەساڵی ١٩٤٩ دا هاتووە کە هەر هێزێکی داگیرکەر پێویستە لەسەری ئیلتیزام بەو شێوە سیستمە ئابوورییە بکات کە لەو وڵاتەی دەستی بەسەردا گرتووە هەیەو نابێت بیگۆڕێت.

بەڵام جەوهەری ئەم یاسا و ئەم بڕیارە نوێیانە چین؟

ئاشکرایە کە سیستەمی ئابووری عێراق پێش رووخاندنی، بریتیی بوو لە ئابوورییەکی تێکەڵ لە کەرتی تایبەتی، کە سەرجەم سەرمایەگوزارییە تایبەتی و شەخسییەکانی دەگرتەوەو سەرمایەکەیان قابیلی گواستنەوە بوو لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، وە هەروەها لەلایەکی ترەوە کەرتی دەوڵەتی هەبوو، کە لەمیاندا پرۆژە گەورەکانی وەك نەوت و پیشەسازییەکانی تر و خزمەتگوزارییەکانی ئاوو کارەبا و ڕێگاوبان لەدەستی دەوڵەتدا دەمایەوەو بەم کەرتەی دەوڵەتیش دەوترا کەرتی گشتی. بەڵام ئەم شێوەدا بەشبوونە لەگەڵ ئەو ڕێگایانەدا نایەتەوە کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ بەستنەوەی ئابووری عێراق بە ئابووری سەرمایەداری جیهانی و ڕۆژئاواوە لەنیازییەتی. هەربۆیە پێش ئەوەی باس لە سەرمایەگوزاری دەرەکی لە عێراقدا بکرێت، ئەوا پێویستە کە زنجیرەیەك گۆڕانکاری لەسیستەمی ئابووری عێراقدا بکرێت و ئەم گۆڕانکارییانەش بنەڕەتی و سەرەکین و شێوەی سیستەمی ئابووری لەعێراقدا سەروبن دەکەنەوە.

لەهەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆسەیەدا، بەشەکانی نەوت و پرۆژە ئابوورییە گەورەکانی دەوڵەت ئامادە دەکرێن بۆ فرۆشتن و لەدەستی دەوڵەت دەردەهێندرێن. دواتریش کەرتە خزمەتگوزارییەکانی تری وەك نەخۆشخانەکان و ئاوو ڕێگاوبان و .. هەنگاو بەهەنگاو دەکەونە ئەم پرۆسەیەوە. ئەمەیە کە ڕۆژنامەکانی (ئیندیبدانت و گاردیان) بە خەتی گەورە دەنوسن "عێراق دەفرۆشرێت". هەر لەڕاستیشدا وایە، ئەمە پرۆسەیەك دەبێت کە سەرەتاکەی بە فرۆشتنی سەرچاوە ئابوورییە سەرەکییەکانی عێراق دەستپێدەکا و ئەو توانا ئابوورییەشی دەتوانێ بیکرێ سەمایەدارەکانی ڕۆژئاوایە و لەم حاڵەتەیشدا عێراق جیا لە کالایەکی هەڕاجکراو بۆ فرۆشتن هیچی تر نابێت.

بانکی ناوەندی عێراقیش لەم پرۆسەدا دەگۆڕێت بۆ بانکێکی سەربەخۆ کە ئیتر لەوە دەردەچێت بانکێکی ناوەندی و سەر بەحکومەت بێت و بەهێزی و لاوازیشی پەیوەندی هەیە بەوەوە کە تا چەندە لەرووی دارایی و توانای ماڵییەوە ئەتوانێت جێاوڕێگای خۆی دیاریبکات، کە حەتمەن لەبەرامبەر بانکە نێونەتەوەیی و ئەمریکییەکان کە خاوەنی سەرمایەیەکی بێشومارن، ناتوانێت هەناسەیەکی ڕەحەت بدات.

ئەم بڕیارە کە لەلایەن ئەمریکا و بەناوی دەسەڵاتی کاتی ئەمریکا لەعێراق دەرکراو، لەهەنگاوی یەکەمدا تەعبیر لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ئەکات، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە سەرجەم سەرمایەی ڕۆژئاوا و ئەوروپاش دواجار پێشوازی لێدەکەن، چونکە ئەوانیش لەم پرۆسەیەدا بەهرەمەند ئەبن، بەڵام ئەگەر لای بەشێك لەوڵاتە ئەوروپییەکانەوە دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بێتەوە، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ دووشت. یەکەم دروستکردنی تەنگانەو ئەزمەی زیاتر بۆ ئەمریکا، کە دیارە ئێستا ئەمریکا لەعێراقدا ، بەتایبەتی لە ناوەڕاست و خوارو، وەزعی باش نییەو، دووەم ناڕەزایەتییان بۆ ئەوەیە کە بەشی ئەوان و کۆمپانیاکانیان لەم کێڕین و سەرمایەگوزاریەی عێراقدا کەم بێت.

لەلایەنی ناوخۆییشەوە، بەتایبەتی لەناو ئەو هێزانەی کە دەمیان بە لوقمی ئەندامبوون لە ئەنجومەنی حوکم چەورکراوە، هیچ ناڕەزایەتیەك نییەو بەڵکو بەشێکی زۆر لەوان رایانگەیاند کە ئەم پرۆسەیە، بەتایبەتی لەبارەی فرۆشتنی پیشەسازی نەوت و تایبەتیکردنەوە، هەنگاوێك دەبێت بۆ بوژاندنەوەی ئابووری عێراق، کە ماوەیەکی دوورودرێژە کەوتۆتە ئەزمەیەکی هەمەلایەنەی قوڵەوە.

ئەم هێزانە کەمترین توانا و ئیرادەیان لەدەرچوون و یان دەرنەچوونی ئەم بڕیارانەدا نییە. بەڵکو ئەوان توانای بڕیاردانیشیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە بەرتەسك و کارتۆنییە. لەمادەی ٣ی بەشی حەوتەمی بڕیارەکەی بریمەردا هاتووە کە "وەزیری دارایی مافی دەرکردنی ئەو بڕیارانەی هەیە کە هاوکاری جێبەجێکردنی ئەم فەرمانانە ئەکات" کەواتە هەر بەگوێرەی ئەم مادەیە وەزیری دارایی بێدەنگ بێت باشترە لەوەی بڕیار دەربکات.

لەوانیە لەلایەن بەشێك لەسەرمایەی ناوخۆییەوە ئەم سیاسەتانە بدرێتە بەر نەفرەت و گلەیی، بەڵام تائێستا شتێکی لەم جۆرە سەروسیمای بەخۆی نەداوەو نابینرێت.

بەڵام لەلایەن جەماوەری فراوانی عێراقەوە، ئەم سیاسەتە ئابوورییە دەدرێتە بەر نەفرەت، چونکە ئەوان بەم گۆڕانکارییانە نەك وەڵام بە باری هەژاری و نەداریان نادرێتەوە بەڵکو زیاتر دەکەونە بەر هەڕەشەی نەبوونی و کەمی داهات، خۆ ئەگەر ئیدیعای ئەوە بکرێت کە بواری کار زیاتر دەبێت و ئابووری عێراق جوڵەیەکی تێدەکەوێت، کەئەمە بۆ خۆی تائێستا هیچ نیشانەیەکی دیار نییە، ئەوا لەو لاوە دەبێت ئەوەیش بوترێت کە لەهیچ شوێنێکی دنیادا ئابووری لیبراليزم نەیتوانیووە کارەکانی خۆی بکات ئەگەر ریزێکی فراوان لەخەڵك نەکاتە قوربانی و باجێکی سەخت نەسەپێنێت بەسەریدا، باجێك کە ژیان ژیان زەرب دەکات بەسفر.

هەربۆیە شانبەشانی هەر هەنگاوێك بۆ فرۆشتنی عێراق و پرۆژە ئابوورییەکان و شان بەشانی هەر هەنگاوێك لە چەوساندنەوەی کۆمپانیاکان و شان بەشانی هەر هەنگاوێك لەسەپاندنی بێ ئیرادەیی و بێ مافی، ئەوا هەنگاوێکیش لە خەباتی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی عێراقی دەچێتە پێشەوەو دەرگایش لەبەردەم ئەم چین و توێژانەیشدا ئەکرێتەوە کە ئەوانیش خەباتی خۆیان گرێبدەنەوە بە خەباتێکی جیهانی دژی کاپیتالیستی و دژی سیاستە لیبرالیەکان کە هیچ ڕێزێك بۆ شعورو ژیانی خەڵك ناهێڵێتەوە.

ئەنجومەنی حوکم

هۆیەك بۆ جودایی.. ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵ

ع. مەولود

٣مانگ دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوەو بەنەخشەو سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەو، ئەنجومەنێکی ٢٥ کەسی لەسەر بنەمای قەمی و عرقی و ئایین و تائیفی دامەزرێنرا، کە بەشێوەکی کاتی و تاکاتی ئامادەکردنی دەستورو زەمینەکانی هەڵبژاردنێکی سەراسەری، هاوکاری ئەمریکابن بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی عێراق.

ئەوەی دەبینرێت لەم کارەدا، ئەمریکا دەیەوێت هاوسەنگییەك لەنێوان تەماحە ئمپریالیستەکانی خۆی و گوشاری حزبە بۆرژوازییە ڕاسترەو کۆنەپەرستەکاندا بکات. لەو ماوەیەدا کە بەدەسەڵاتی کاتی ناویدەبەن هەم بەو دەسەڵاتە بۆرژوازییەوە کەدەیەوێت لەشوێنی ڕژێمی بەعس بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر خەڵکی عێراقدا بیسەپێنێت و هەم نەخشەیەکی پایەدارتری مانەوەی خۆی لەعێراق و ناوچەکەدا ساغ دەکاتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ئەنجومەنەو شێوەو ناوەڕۆکی پێکهاتنەکەی زۆر ناکۆکە نەك هەر لەگەڵ خواست و چاوەڕوانی خەڵکی عێراقدا، بەڵکو تەنانەت لەگەڵ بەڵێنەکانی ئەمریکاشدا. خەڵکی عێراق ئومێد و چاوەڕوانی ئەوەبوو دەسەڵاتێکی مەدەنی پێشکەوتنخوازو بەناسنامەی عێراقی و بەئیدارەی ئەو دابمەزرێنێت، ئەمریکاش زۆر بەڵێنیدا لەبارەی ئازادبوونی خەڵکی عێراق و ڕۆڵی ژنان و حکومەتی مەدەنی و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی ئایین و قەومپەرستی لەژیانی خەڵك، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوە هەنگاوی نا.

ئەو ئەنجومەنە لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و تایەفی دامەزراوەو ناسنامەی ئینسانیبوون و عێراقیبوونی کردووە بەپلەدوو. بەپێی ئەو بەڵێنانەی ئەمریکا دەیدا خەڵك چاوەڕوانی ئەوەبوون جیاوازی لەنێوان ئاین و نەتەوەکان بەڕەسمی نەناسرێت و هەموو دین و نەتەوەکان یەکسان تەماشادەکرێن ئەوەیش بەوەی کە هەموو عێراق وەك یەك مافیان هەبێت و فەزڵی هیچ نەتەوەو ئاینێك بەسەر ئەویتردا نەدرێت. لەڕاستی دامەزراندنی دەسەڵات لەسەر بنەمای ئایینی و نەتەوەیی نەك هەردانی مافی نیە بەو ئاین و نەتەوانە بەڵکو پێکهێنانی جودایيە لەنێوانیاندا، ئەوە لەکاتێکدا کە ئەوانەی بەناو شیعەوە چوونەتە ئەو ئەنجومەنەوە خەڵك بەگشتی و خودی شیعەکانیش لەبەریان بێزران، ئەوانەی بەنوێنەرایەتی کوردی چوونە ئەوێت هەموو ڕۆژێك لەکوردستان خەڵك بەدژیان دێتە سەرجادە، ئەوانەی بەناوی تورکمانەوە چونکە تورکیا ئامادەی کردوون و بەکشتیش هیچ کامیان نوێنەری واقعی خەڵکی نین و هەڵبژێردراوی ئەمریکان نەك هی خەڵك، ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەوانەی هەڵبژاردووەو لەئاکامدا تەنها دەتوانن خێر بۆ ئەو بدەنەوە.

ئەوانە ئامرازێکن بەدەستی ئەمریکاوە بۆکۆنترۆڵکردنی جەماوەری عێراق نەك بۆ خزمەتکردنی. ئەوانە هۆیەکن بۆجودایی و ناتەبایی لەناو خەڵکی عێراقداو بەناوی ئاین و نەتەوە جیاوازەکانەوە خەڵك لەیەکتر دەکەن بەدوژمن و دەیانەوێت کێشەی ڕاستەقینەی خەڵك بکەن بەژێر خۆڵەوە.

کاری هاوبەش، هەڵسەنگاندێك

فاروق عەبدوڵڵا

هێشتا ساڵێك تێنەپەڕیوە بەسەر بیرۆکەو پرۆسیسی بەئەنجامگەیەنراوی تا ئەمڕۆی "کاری هاوبەش" پرۆژەی کاری هاوبەش بەکورتی ئەتوانین بڵێین بەدوو هۆ هاتەبوون:

١- دروستکردنی زەمینەی حیوارو هاوکاری و پێکەوەژیانی کەس و لایەنە چەپ و کۆمۆنیست و شیوعییەکان لەپێناوی بنیاتنانی سیستەمێکی لۆجیکی بۆ پەیوەندی و کارلێکەکانی ئەم کەس و لایەنانە کە بەخزمەتی ئامانج و ئاراستەی رادیکال و چەپدا بشکێتەوە.

٢- چنینەوەی دەستکەوتی خاڵی یەکەم بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی کە بریتییە لە کۆکۆنەوەی هەرچی زیاتری هێزی چەپ و ئازادیخوازنە لەپێناوی هەنگاونان بۆ بردنەپێشەوەی خەباتو داوای جەماوەری و جێکەوتەکردنی ئاراستەی چەپ و مۆدێرن لەگۆشەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا.

ئەمڕۆ سەبارەت بەخاڵی یەکەم نە دەرگا داخراوەو نەقەراریشە حیوارو هاوکاری مەحدودیەتی زەمەنی بۆ دابنرێت. بەڵام تائێستا بەگشتی (جگە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) بەگشتی سەرەڕای هەر کەمو کورتییەك و بێ دەربەستییەکی ژمارەیەك لە ئەفرادەکان، جۆرێك لەتەبایی و لێك تێگەیشتن و لۆجیکی هاوکاری پەیدابووە کە پێموایە ئەگەر مەسەلە بێتە سەر ململانێش نەك یەکگرتن و هاوکاری ئەوا دواجار هەر ئەبێت لێرەو بەو شێوەیە بێت کە کاری هاوبەش جۆرێك لەپێناسەی بۆ داناوە.

ئەمڕۆ لانیکەم حساب بۆ یەکترکردن و پێکەوە هەڵکردن شوێنی دژایەتی (نالۆجیکی) و (بەزۆر) جیاوازی داتاشین و پاسیڤیزمی سیاسی گرتۆتەوە.

بەبڕوای من ئەمە دەستکەوتێکە ئەگەر حەجمی هەرچەندبێت لانیکەم بێ سابیقەیەو لێرەشەوە گرنگی خۆی هەیە.

ئەوەندەشی دەگەڕێتەوە بەخاڵی دووەم ئەگەرچی هێشتا پرۆسەو چالاکییەکانی بچوك و کاتی و کەم کاریگەرین، بەڵام هێشتا هەر جارێکی تر دەتوانین بڵێین ئەمەش بۆ خۆی گرنگی خۆی هەیەو ئەگەر لە ئایندەشدا جدی تر کاری بۆ بکەین (لەگەڵ خاڵی یەکەمدا) ئەوا مانای گەورەتر پەیدا دەکات.

هەقی خۆیەتی وە بەتایبەتی لە وەزعیەتێکی ئالۆگۆڕاوی و حەساسی ئەمڕۆی عێراقداو لەپاڵ جۆرێك لە کەم هێزی چەپ و بزووتنەوەی کرێکاری، لایەنەکان کەسانی چەپ و ئازادیخواز جدیتر بیر لە فەلسەفەی پێکەوە ژیان و هاوکاری و کاری هاوبەش بکەنەوە. ئەمڕۆ کاری هاوبەش لە هەموو کات زیاتر ئەهمیەتی هەیەو دەرککردن بەم ڕاستییە کارو تواناکانمان دەباتە شوێنێکی باشترو باشتر.

کاری هاوبەش ئەمڕۆ بۆ کۆمۆنیستێك و شیوعیەك و ئازادیخوازێك و تادەگاتە هەر خەمخۆرێکی داوایەکی سەرەتایی خەڵك گرنگی مێژوی و حەساسی خۆی هەیەو ئەبێت بەهێزی بکەین. رەنگە هەموان حیزب و ڕێکخراوی خۆمان یاخود لانیکەم خۆمانمان بەفەردی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی نزیکدا هەبێت لەوێوە کار بۆ ئامانجی خۆمان بکەین، بەڵام هاوکات کاری هاوبەشیش بەشێکی جیانەکراوەیەو گومانی تیا نییە کە بەخزمەتی ئەمەیە کە ئێمە ئەمانەوێت و بەم پێیە موبەڕیرەکانی بۆ کارنەکردنی هاوبەش نزیکە لە سفرەوە!

پاشماوەی ل١

چارەیەك نابینرێت کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ کۆتایهێنان بەم کێشەیە بخرێتە بەردەم. وە لەڕاستیشدا پێناچێت ئەمریکا مورتاح بێت بەوەی ئەو ناوچەیە لەم کێشە سیاسییە دوربخرێتەوە، هەر بۆیە تائێستایش بچوکترین هەنگاو بەئاراستەی حەلکردنی نەنراوە.

عێراق کە دەسەڵاتەکەی لە حاڵی ئێستادا لەسەر بنەمای دین و نەتەوەکان داڕێژراوە، ئاساییە کە هەر نەتەوەو دینێکیش پەنابەرێتە بەر هەر ڕێگایەکی نەشیاوو نامەشروع بۆ ئەوەی کە سەهمی خۆی لەم دابەشبوونە دینی و نەوەیەتییەدا زیاتر بکات. بۆ ڕزگاربوون لەم کێشانە ئەوەندە بەس نییە لە ئاستی شارێکدا بیر لە حەلکردنی کێشەکە بکەینەوە، مەسەلەکە تەنیا کێشەیەکی بچوکراوی ناوچەویەکی لەتاقیگایەکی فیدرالی ئەمریکادا ئامادەکراوە، ناکامییەکی تر بووە. هێشتا هەواڵێکیش لە چەکە کۆکوژەکانی عێراقیش نییە.

لەدووەمین ساڵڕۆژی ١١ی سێبتەمبەرو بەدوای ئەوەدا لەبنەڕەتدا دوو ڕێگا بۆ هەڵبژاردن لەبەردەماندایە: دەتوانین بەرەو پێشەوە بچین لەگەڵ ئەم یەقیینە ئاسودە بەخشە کە خودای جیهان ئازاری شەڕی لەسەرمان کەمکردۆتەوە؛ ڕێك هەروەك ئەوەی کە نووسەرانی قسەی بۆش دەیانەوێت: هەروەك شیعرە کۆنە حەماسیەکان و چیرۆکە منداڵانەییەکان، یان ئەوەی کە دەتوانین بەڕوانگەیەکی رەخنەگرانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێسای کارپێکراو بکەین، ئەنجامی واقیعییانەی لێوەربگرین و لەوانەیە لەهەناوی وەها نیگایەك سەرکەوتوانە ئەو وێناکردنەی جیهان بەدەستبهێنین کە خەریکە سەروسامان بەخۆی ئەدات.

ئەو نەبەردانەی کە لەدڵی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزمدا بەرنامەڕێژی کراون دورودرێژ دەبن. سەرۆکی ئەمریکا لەساڵی رابردوودا وتی: "موکین نییە بتوانرێت بوترێت کە چەندە کات پێویست دەکات بۆ دابینکردنی ئازادی وڵات" دەتوانرێت بەم شێوەیەیش دەربڕییە: هەڕەشە بالقوەکان بێ سنورن و بە سەرنجدان لە سەرکەشی و توندوتیژی گروپی بۆش، چەندان بەڵگەی زۆر بەهێز لەباوەڕکردن بەم کارە هەیە کە ئەم مەترسیانە سەرلەنوێ جدیدتریش دەبن.

دەبێت ئێمە لەهەمانکاتدا ئەو تەفسیرەی کە لەپەیوەندی بەشەڕی دژی تیرۆرەوە لە لەلایەن "ئامی ئایالون"، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاسایشی ئیسرائیل لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ دەربڕدرا، لەبەرچاومان بێت. ئەو وتی کە ئەوانەی کە "خوازیاری سەرکەوتن"ن بەسەر تیرۆریزمدا، بەبێ دەست بردن بۆ ئەو فەلاکەتەی کە لەپشتی تیرۆریزمەوەیە، لەڕاستیدا "خوازیاری شەڕێکی بێ کۆتایین".

ئەم تەفسیرکردنە لەگشتیدا ئیعتیباری هەیە. جیهان مافی ئەوەی هەیە بەترس و لەرزەوە بڕوانێتە ئەوەی لە واشنتۆن دەگوزەرێت. ئەوانەی کە زۆرترین ئیمکاناتیان بۆ کەمکرنەوەی ڕێژەی ترس و خستنەرووی ڕێگایەکی داهاتووی باش و جێی ئومێدییان هەیەو دەتوانن ئەم ئایندەیە پێکبهێنن، خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانن.

ئێمە بۆ ترسەکەمان بەڵگەمان هەیە!

نوام چۆمسکی

دوای دوو ساڵ بەسەر ١١ ی سێبتەمبەردا، هێشتا ئەمریکا نەیتوانیوە ریشەکانی تیرۆر هەڵبکێشێت. شەڕ جێگای جێگیربوونی ئاشتی گرتۆتەوەو زیاتر بوەتە هۆی ئاڵۆزبوونی ناکۆکییە

جیهانییەکان. جیهان لە ١١ی سێبتەمبەردا توشی شەڵەژان و سەرگەردانی بوو، وە هاودڵی خۆی بۆ قوربانییەکان دەربڕی. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە لەلای بەشێکی گەورەی جیهان کاردانەوەیەکی تریش هەیە: "بەخێربێن بۆ گۆڕەپانی (قوربانیيان)". بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هێزێکی گەورەی ڕۆژئاوا بووە قوربانی جۆرێك تاوان کە لەزۆرێك لە بەشەکانی جیهاندا بووەتە کارێکی ئاسایی. هەر هەوڵدانێك بۆ تێگەیشتن لەوەی کە دوای ١١ سێبتەمبەر رویدا، بێگومان ناچارە لە هەڵسەنگاندن دەربارەی دەسەڵاتی ئەمریکا، کاردانەوەکەی و ئەو ڕێگایانەوە دەست پێبکات کە لەوانەبوو ئەم وڵاتە بیگرێتەبەر.

لەماوەی ساڵێك دوای ١١ی سێبتەمبەر، ئەفغانستان درایە بەر هێرش. ئەوانەی کە ڕێز بۆ بنەما ئەخلاقییەکان دادەنێن، ئەرکێکی قورس لەبەردەم خۆیاندا ئەبیننەوە، ئەگەر بیانەوێت ئاڕاستەی ڕەسمی ئەمریکا و بەریتانیا لەهێرشکردنە سەر ئەفغانییەکان بسەلمێنن، واتا ئەوە بسەلمێنن کە ئەم دوو وڵاتە ئەو مافەیان هەیە کە ئەفغانییەکان بە ئامانجی ناچارکردنی بەدەستەوەدانی ئەو گومانلێکراوانەی کە هەستاون بەکاری تێکدەرانە بۆمباران بکەن. ئەم "ماف"ە ئاڕاستەی سەرەکی بۆمباباران کردنەکان بوو.

دواتر لە مانگی سێبتەمبەری ٢٠٠٢دا گەورەترین دەسەڵاتی مێژوویی، ستراتیژییەکی ئەمنییەتی نەتەوەیی تازەی هێنایە پێشەوە کە لەودا تەئکید لەسەر هەیمەنەی جیهانیی بەردەوامی وڵاتە یەکگرتوەکان و سەرکوتکردنی هەر هەوڵێك لەبەرامبەر ئەم هەیمەنەیەدا، بە پەنابردنە بەر توندوتیژی کراوەتەوە: سیناریۆیەك لەسەر بنەمای باڵادەستی هەمیشەیی وڵاتە یەکگرتووەکان!

هاوکات فوتێکردنی شەپۆرەکانی شەڕ بۆ ئامادەکردنی پشتیوانی گشتی لە جەنگ دژی عێراق و نەبەردی هەڵبژاردن لەنێوان دەورەیەکدا بۆ کۆنگرە دەستی پێکرد، هەڵبژاردنێك کە دەبوایە زەمینەکانی جێگاو شوێنی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی گروپی دەسەڵاتدار (بەسەر کۆشکی سپی) لە مەیدانە نێونەتەوەییەکان و لە بەشی سیاسەتی ناوخۆدا یەکلا بکاتەوە.

مایکل کرەیون، پسپۆڕ لە مەسەلە نێونەتەوەییەکان، دواین ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٢ بە "مەترسیدارترین ساتەکانی دوای ئەزمەی کوبا لە ساڵی ١٩٦٢" داناو "ئارتۆڤ شیلە زینەر" بەدروستی ئەم ڕۆژانەی بەناوی "مەترسیدارترین ساتەکانی مێژووی بەشەر" ناوبرد. ئەوەی بۆ کرەیون مایەی نیگەرانی بوو بڵاوبونەوەی چەکە ئەتۆمییەکان لە ئێران، عێراق، کۆریای باکوورو شێوە قارەی هیندستان بوو، کە وەك کەمەربەندێکی ناوەکی، لە پیونگ یانگ تا بەغداد درێژدەبێتەوە. کارەکانی گروپی بۆش لەماوەی ساڵەکانی ٢٠٢ و ٢٠٠٣دا تەنیا بووەتە هۆی زیاتربوونی هەڕەشەو نائەمنی لە مەتن و پەراوێزی ئەم کەمەربەندە ناوەکییەدا.

ستراتیژی ئەمنییەتی نەتەوەیی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەتەنها، مافی دەستبردنی هەیە بۆ "شەڕە بەرپێگیرەکان": بەرپێگیر نەك هێرشبەرانە. واتای شەڕی بەرپێگیرانە بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکانە بۆ لەناوبردنی ئەو هێرشە گریمانانەیە، تەنانەت ئەگەر ئەم هەڕەشانە بەهانەییانەو یان بەرهەمی خیاڵ لێکردنەوەی مێشك بن. "شەڕی بەرپێگیرانە" بێ ئەم لاو لا باڵاترین قەتاری تاوانێکە کە لەدادگای نورنبەرگ مەحکومکراوە.

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ دا گروپی بۆش لەگەڵ بەئاگاهێنانەوە ترسناکەکاندا لەبارەی هەڕەشەکردن لە وڵاتەیەکگرتووەکان لەلایەن سەدام حسین، شانبەشانی ئەمە رویکردە ئەو پرۆپاگەندەیەی کە سەدام حسین لەگەڵ قاعیدەدا پەیوەندی هەبووەو دەستی هەبووە لە ماجەرای ١١ سێبتەمبەردا. پرۆپاگەندەی توند بووە هۆی ئەوەی کە گروپی بۆش بتوانن پشتیوانییەکی دیاریکراو لەلایەن خەڵکی ترسێنراو بۆ بەرنامەی داگیرکردنی وڵاتێك بەدەستبهێنن کە دیاربوو بەکردەوە بێ بەرگری و پارویەکی بەللەزەتە لەدڵی گەورەترین زەخیرەی وزەی جیهانیدا.

لەمانگی ئایاردا لەدوای کۆتایهاتنی پێشبینیکراوی شەڕ، جۆرج بۆش لەسەر کەشتی جەنگی ئیبراهام لینکین وتی کە لە نەهێشتنی یەکێك لە هاوکارەکان قاعیدە لەشەڕی دژی تیرۆریزمدا سەرکەوتووە، بەڵام لەدووەمین ساڵیادی ١١ سێبتەمبەردا بەهەمان شێوە هێرشەکان درێژەیان هەیە، بەبێ ئەوەی کە بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی پرۆپاگەندەی پەیوەندی نێوان سەدام و دوژمنی خوێنخۆری ئەو ئوسامە بن لادن دەربخرێت. تەنیا پەیوەندییەکی ناسراوی نێوان سەرکەوتنی بۆش و تیرۆریزم لەمەدایە کە داگیرکردنی عێراق هەلومەرجی بۆ ڕاهێنانی ئەندامانی قاعیدەو زیادکردنی مەترسییەکان ئاسانکردووە.

وال ستریت ژورناڵ وتی کە قسە سیناریۆییەکانی بۆش لەناو کەشتی جەنگی ئیبراهام لینکین "نیشانەی دەستپێکردنی ململانێیەکی نوێی هەڵبژاردنە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ کە کۆشکی سپی بەو ئومێدەیە بەرێژەیەکی زۆر بکەوێتە میحوەری مەسەلەکانی ئەمنییەتی نەتەوەیی" ئەگەر گروپی بۆش بیانەوێت مەسەلە سیاسییە ناوخۆییەکان بگۆڕن بەبنەمای ململانێی هەڵبژاردن، بەرەو رووی چەندان گرفتی گەورە دەبنەوە. لەم نێوەدا بن لادن هەروا ئازادەو هێشتا ئاشکرا نییە کە لەدوای ١١ی سێبتەمبەر ئەوانە کێ بوون کە هەستان بە ناردنی نامەکانی هەڵگری ئەنتراکس (بەکتریای سور) کە بۆ خۆی بەلەبەرچاوگرتنی ئەمە وتینی ئەوانەی پێی هەستاون ئەمریکایی بووەو ئەو گریمانەیەی کە وتراوە گیراوەکان لەتاقیگایەکی فیدرالی ئەمریکادا ئامادەکراوە، ناکامییەکی تر بووە. هێشتا هەواڵێکیش لە چەکە کۆکوژەکانی عێراقیش نییە.

لەدووەمین ساڵڕۆژی ١١ی سێبتەمبەرو بەدوای ئەوەدا لەبنەڕەتدا دوو ڕێگا بۆ هەڵبژاردن لەبەردەماندایە: دەتوانین بەرەو پێشەوە بچین لەگەڵ ئەم یەقیینە ئاسودە بەخشە کە خودای جیهان ئازاری شەڕی لەسەرمان کەمکردۆتەوە؛ ڕێك هەروەك ئەوەی کە نووسەرانی قسەی بۆش دەیانەوێت: هەروەك شیعرە کۆنە حەماسیەکان و چیرۆکە منداڵانەییەکان، یان ئەوەی کە دەتوانین بەڕوانگەیەکی رەخنەگرانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێسای کارپێکراو بکەین، ئەنجامی واقیعییانەی لێوەربگرین و لەوانەیە لەهەناوی وەها نیگایەك سەرکەوتوانە ئەو وێناکردنەی جیهان بەدەستبهێنین کە خەریکە سەروسامان بەخۆی ئەدات.

ئەو نەبەردانەی کە لەدڵی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزمدا بەرنامەڕێژی کراون دورودرێژ دەبن. سەرۆکی ئەمریکا لەساڵی رابردوودا وتی: "موکین نییە بتوانرێت بوترێت کە چەندە کات پێویست دەکات بۆ دابینکردنی ئازادی وڵات" دەتوانرێت بەم شێوەیەیش دەربڕییە: هەڕەشە بالقوەکان بێ سنورن و بە سەرنجدان لە سەرکەشی و توندوتیژی گروپی بۆش، چەندان بەڵگەی زۆر بەهێز لەباوەڕکردن بەم کارە هەیە کە ئەم مەترسیانە سەرلەنوێ جدیدتریش دەبن.

دەبێت ئێمە لەهەمانکاتدا ئەو تەفسیرەی کە لەپەیوەندی بەشەڕی دژی تیرۆرەوە لە لەلایەن "ئامی ئایالون"، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاسایشی ئیسرائیل لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ دەربڕدرا، لەبەرچاومان بێت. ئەو وتی کە ئەوانەی کە "خوازیاری سەرکەوتن"ن بەسەر تیرۆریزمدا، بەبێ دەست بردن بۆ ئەو فەلاکەتەی کە لەپشتی تیرۆریزمەوەیە، لەڕاستیدا "خوازیاری شەڕێکی بێ کۆتایین".

ئەم تەفسیرکردنە لەگشتیدا ئیعتیباری هەیە. جیهان مافی ئەوەی هەیە بەترس و لەرزەوە بڕوانێتە ئەوەی لە واشنتۆن دەگوزەرێت. ئەوانەی کە زۆرترین ئیمکاناتیان بۆ کەمکرنەوەی ڕێژەی ترس و خستنەرووی ڕێگایەکی داهاتووی باش و جێی ئومێدییان هەیەو دەتوانن ئەم ئایندەیە پێکبهێنن، خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانن.

دیاریکراو نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەم شەڕانە دەمێکە ئاوەکەی لە جۆگەی سیاسەتی بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ڕژاوە.

بۆ ڕزگاربوون لەم کێشانە، حەتمەن دەبێت سەرجەم ڕێگاچارە مومکینە ڕەواکان بگیرێتە بەر، کە وەڵامێکی دەستبەجێی پێبداتەوە، بەڵام ڕێگاچارەی سەرەکی تەنیا لەوەدایە کە عێراق، شێوەی دەسەڵاتەکەی و ژیانی مەدەنی، لەسەر بنەمای مافی یەکسانی هاوڵاتیبوون پێکبێت و فۆرمی دەسەڵاتیش لەسەر ئەم بنەمایە دابڕێژرێت.

بەدەر لەم حاڵەتە، ناتوانرێت بەشێوەیەکی سەرەکی باس لەنەهێشتنی قین لەدڵی و ململانێی نێوان دین و نەتەوەکان بکرێت، کە ئەم ململانێیە بۆخۆی لەلایەن چەندان حیزبی دینی و قەومییەوەو تەنانەت لەلایەن دەوڵەتانی چوارەوریشەوە هان